# نەوەی نوێ

# ١٥٧

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ

## بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

٢٠٢٤/١٠/٢٠

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

- چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری و دانەمەزراندنی 700 هەزار دەرچووی دانەمەزراو و گەنجی بێکار، بە دامەزراندنیان و ڕەخساندنی هەلی کار بۆیان، لەگەڵ پێدانی قەرزی بچووک و مامناوەند بەو گەنجانەی خاوەن بیرۆکەن بۆ بزنس و کاری بازرگانی، هەروەها جووڵاندنی کەرتی تایبەت، بازاڕ، کشتوکاڵ،و پیشەسازی کە هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ نەمانی بێکاریی گەنجان.

---

- نەوەی نوێ دەتوانێت لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بە پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ئاسایی بکاتەوە و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان مانگانە لە کاتی خۆیدا بگاتە دەست خەڵک، کە ئەمەش دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی بنەڕەتیی قەیرانی نەبوون و دواکەوتنی موچە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ئابووری و بووژاندنەوەی بازاڕ و ئەنجامدانی پڕۆژە لە شار و قەزا و گوندەکان.

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

■ چارەسەرکردنی کێشەی دابەشکردنی موچەی فەرمانبەران لە ڕێگەی بەبانکیکردنی موچە لە بانکە حکومییەکانی عێراق و جێگیرکردنی کاتی مانگانەی موچە دابەشکردن لە 30 ڕۆژ جارێک، مانگانەش 10%ی موچە پاشەکەوتکراوەکانیان بۆ دەگەڕێنرێتەوە.

---

■ هاوتاکردنی سەرجەم موچەی خانەنشینانی مەدەنی و سەربازیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سیستمی موچەی خانەنشینی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و گەڕاندنەوەی سەرجەم ماف و ئیمتیازاتەکانی خانەنشینان و زیادکردنی موچەکانیان.

---

■ نەهێشتنی وێرانکاری لە کەرتی تەندروستی و بوژاندنەوەی نەخۆشخانە حکومییەکان، بەرپرسیارێتیی ژیان و تەندروستیی کۆرپەلە لە منداڵدانی دایکییەوە تا تەمەنی گەورەیی و ئەو ڕۆژەی لە ژیاندایە، بەرپرسیارێتیی حکومەتە کە سەرجەم دەرمان و خزمەتگوزارییە تەندروسییەکانی بە بەرزترین کوالێتی لە سەرجەم قۆناغەکانی تەمەنی و بۆ سەرجەم هاوڵاتییان بێ بەرامبەر دابینبکات.

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

- کەرتی تەندروستیی گشتی بەهێز دەکرێت و ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی بەرزدەکرێتەوە و دەرمان و ئامێرە پزیشکییەکان و پزیشک و ستافی پێویستی بۆ دابین دەکرێت، بۆ ئەوەی هاوڵاتی پێویستی بەوە نەبێت بۆ چارەسەر ڕوو لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بکات، بەڵکو بێ بەرامبەر لە نەخۆشخانە گشتییەکان چارەسەر وەربگرێت.

---

- پزیشکانی کەرتی گشتی تەنها لە کەرتی گشتی کاردەکەن و موچە و ئیمتیازاتی پێوییستیان پێدەدرێت بۆ ئەوەی پێویستییان بە کارکردن نەبێت لە کەرتی تایبەت، هەروەها پزیشکانی کەرتی تایبەت تەنها لە کەرتی تایبەت کار دەکەن و لە تەمەنی دیاریکراودا خانەنشین دەکرێن، هەروەها کەرتی گشتی بۆ هەموو چارەسەرە پێویستەکانی هاوڵاتییانە و کەرتی تایبەت تەنها بۆ ئەو هاوڵاتییانەیە کە خۆیان خوازیارن بۆ هەندێک چارەسەر روو لە کەرتی تایبەت بکەن .

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

- چارەسەرکردنی بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی هاوسەرگیریی گەنجان، بە دۆزینەوەی هەلی کار، پێدانی پێشینەی هاوسەرگیریی و دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بە قیستی زۆر کەم و درێژخایەن بۆ ئەو گەنجانەی دەچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە.

---

- قەدەغەکردنی قۆرخکاریی ئابووریی کوردستان؛ پێویستە بزنس و کارکردن و بازرگانی کراوە بێت بە یەکسانی بۆ هەمووان، ئەوەش بە هاوکاریکردنی کاسبکاران و دوکانداران و هەر کەسێک بیەوێت کاری بازرگانی و پیشەسازی بکات، لەگەڵ لابردنی سەرجەم ڕۆتین و ڕێگری و قۆرخکارییەکان. هەروەها ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ سەرجەم کاسبکار و بازرگانان لە هەرێمی کوردستان و دوورخستنەوەی دەستی حزب و بنەماڵەکان لەسەر کەرتی تایبەت و کارە بازرگانییەکان.

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

- هیچ هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستان نابێت کرێچی بێت. یەکەی نیشتەجێبوون بە پێشەکییەکی زۆر کەم و ڕەمزی، هەروەها بە قیستی درێژخایەن و مانگانەی کەم دەدرێت بە سەرجەم کرێنشینان و سەرجەم ئەو گەنجانەی ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنن. هەروەها دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزرایيەکانی ناو ئەو یەکە نیشتەجێبوونانە.

- گرنگیی تایبەت دەدرێت بە بواری وەرزش بۆ گەنجان، بە دروستکردنی یاریگای پێویست لە سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، کردنەوەی ئەکادیمیای تایبەت بۆ پێگەیاندنی بەهرە وەرزشییە جیاوازەکان و دابینکردنی سەرجەم پێداویستییە وەرزشییەکان بۆ گەنجان. دەرهێنانی دەستی حزب لە کەرتی وەرزش و یانەکان و تیپە میلییەکان، هەروەها ڕەخساندنی هاوکاری و بودجەی پێویست بۆ تەواوی شار و شارۆچکەکان.

- لابردنی سەرجەم ئەو باجە جۆراوجۆرانەی کابینەکانی پێشووی حکومەت خستویەتییە سەر کاسبکار و خاوەنکار و کارگەکان، کە بووەتە هۆی سستبوونی بازاڕ و مایەپووچکردنی هەزاران کاسبکار و خاوەنکار. هەروەها لێخۆشبوون لە 80% ی هەرچی باج و قەرزی پارەی خزمەتگوزاری و رسومات و تەواوی باجەکان.

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

- رزگارکردنی هەرێمی کوردستان لە دارِمانی زانست و پەروەردە، بە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە خوێندنگە حکومییەکان و زانکۆ و پەیمانگاکان، هەروەها دابینکردنی ستاف و سەرجەم پێداویستییەکانی خوێندن بۆ ئەوەی هیچ خوێندکارێک پێویستی بە خوێندنی تایبەت نەبێت و بێ بەرامبەر لە کەرتی گشتی هەر لە باخچەی ساوایانەوە تاوەکو زانکۆکان درێژە بە خوێندن بدات.

- پشتگیریکردنی سەرجەم کاسبکاران بۆ جووڵاندنی بازاڕ و پێدانی قەرزی بانکی بە پرۆژە بچووک و مامناوەندەکان بۆ گەشەپێدانی پرۆژە و کارە بازرگانییەکانیان. ئەمە بێجگە لە خانەنشینکردنی سەرجەم ئەو کاسبکار و هاوڵاتییانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن کاتێک دەگەنە تەمەنی خانەنشینی.

- گەڕاندنەوەی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران و جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی وادەکات سەرجەم فەرمانبەران سوودمەندبن لەو قەرز و پێشینانەی کە حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی دابینکردووە، وەک پێشینەکانی خانووبەرە و هاوسەرگیری و قەرزی پرۆژە.

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

- دامەزراندنی سەرجەم مامۆستایانی گرێبەست و وانەبێژ کە ژمارەیان نزیکەی (37000) (سی و حەوت هەزار) مامۆستایە، بۆ ئەوەی سەرجەم ماف و ئیمتیازاتەکانی مامۆستایان بیانگرێتەوە و بەشداریی کارا بکەن لە گەشەپێدانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا.

---

- لە ئەستۆگرتنی تێچووی چارەسەر و دەرمانی بەردەوامی سەرجەم توشبووانی نەخۆشییە درێژخایەکانی وەک (شێرپەنجە، تالاسیما، پەستانی خوێن، شەکرە و ئەوانی تر) بۆ سەرجەم هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان.

---

- خزمەتکردنی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، بە زیادکردنی موچە و هاوکاریی دارایی سەرجەم کەمئەندامانی هەرێمی کوردستان کە بەشی بژێویی ژیان و پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان بکات. هەروەها لەئەستۆگرتنی سەرجەم تێچووی چارەسەر و پێداویستییە تەندروستییەکانیان.

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

- دروستکردن و دابینکردنی قوتابخانەی تایبەت بۆ سەرجەم منداڵانی بیرکۆڵ و ئۆتیزم، بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی شایستەیان بۆ دابینبکرێت و فشار لەسەر خێزانەکانیان کەمبکرێتەوە و هاوکاریی ماددی و مەعنەوی بکرێن، ئەویش لەپێناو لابردنی ئەو ئەرکە قورسە لەسەر کەسوکاریان.

---

- تۆمارکردنی سەرجەم کرێکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی کاتێک دەگەن بە تەمەنی خانەنشینی موچەیەکی شایستەیان بۆ دابینبکرێت و ژیانی خۆیان و خێزانیان پارێزراو بێت. هەروەها قەرەبووکردنەوەی سەرجەم ئەو کرێکارانەی لەکاتی کارکردن و شوێنی کاردا تووشی ڕووداوی نەخوازراوبوون و برینداربوون، ئەمە لەگەڵ خانەنشینکردنیان لە تەمەنی دیاریکراوی خانەنشینیدا.

---

- موچەی سەرجەم هێزە ئەمنییەکان هاوتای موچە و ئیمتیازاتی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەکرێت. دەستی حزب لەناو هێزە ئەمنییەکان دووردەخرێتەوە و هیچ حزب و لایەنێک ناتوانێت دەستکاری موچە و قووتی ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان بکات و لەڕێگەیەوە بیەوێت کۆنترۆڵیان بکات.

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

- دابینکردنی پێداویستیی سەربازی و ئۆتومبێل و جلوبەرگ بۆ پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان، دانانی ڕاهێنانی پیشەیی، دوورخستنەوەی دەستی حزب و بنەماڵەکان لەسەر پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان و کردنیان بە هێزی نیشتیمانی کە وەلائیان تەنها بۆ خاک و نیشتمان هەبێت.

- دوورخستنەوەی دەستی حزب و بنەماڵەکان لە دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان. بەخشینی دەسەڵاتی دادوەری بەو دادوەرە پیشەیی و لێهاتووانەی دەتوانن ببنە پارێزەری دەسەڵاتی دادوەریی و دادپەروەریی یاسایی لە هەرێمی کوردستان. سەرلەنوێ دانانەوەی پێکهاتەی ئەنجومەنی دادوەری و سەرۆکی دادگاکان لە کەسانی پیشەیی و بێلایەن و بەتوانا.

- بەهێزکردنی دەسەڵاتی داواکاری گشتی و دابڕاندنیان لە وەزارەتی داد و پێدانی دەستکراوەیی زیاتر و سەربەخۆیی زیاتر، هەروەها پاراستنی مافی پارێزەران، سەربەخۆیی زیاتر بۆ سەندیکای پارێزەران و دوورخستنەوەی دەستی حزب لە سەندیکاکاندا.

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

- سەرجەم ئەو کۆمپانیا و خاوەنکارانەی کە بەرهەمەکانیان هەناردەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەن و بەرهەمەکانیان لە پێویستیی ناوخۆی هەرێم زیاترە، ئەوا بەتەواوی لە باج و رسومات دەبەخشرێن.

---

- بووژانەوەی لادێکان، ئەوەش بە هاوکاریکردنی ئەو جووتیار و ئاژەڵدار و خێزانانەی دەگەڕێنەوە بۆ لادێکان بە مەبەستی بووژاندنەوەی، لەڕێگەی دابینکردنی پێداویستییە کشتوکاڵییەکان و ئاژەڵدارییەکان، دابینکردنی رێگاوبان و هۆکانی گواستنەوە، پێدانی قەرزی بانکیی درێژخایەن، لێخۆشبوون لە سەرجەم باج و رسوماتەکان و پارەی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا. هەروەها پێدانی تۆو، سەر ئاژەڵ و ئامێری کشتوکاڵی، هاوکاری و کارئاسانی بۆ هەناردەی بەرهەمەکانیان بۆ بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێم.

---

- گۆڕینی چۆنێتیی کارکردن و ئامێرەکانی کوالێتی کۆنترۆڵی خۆراک، دانانی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و ڕاهێنراو و ئامێری نوێ، لەپێناو رێگەگرتن لە هاتنەناوەوەی هەر خۆراک و مادەیەکی تری زیانبەخش بۆ ناو هەرێمی کوردستان لەڕێگەی سنوورەکانەوە.

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

■ کارێک دەکەین کە ناساغیی تەندروستی هیچ مرۆڤێک لە هەرێمی کوردستان نەبێتە هۆی پشێوی و نائارامی بۆ خێزانەکانیان، ئەمەش بە دابینکردنی پاڵپشتیی دارایی و مەعنەوی و سەرجەم خزمەتگوزاری و پێداویستییە تەندروستییەکان بێ بەرامبەر.

■ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە هەرێمی کوردستان، حکومەت لەم بوارەدا تەواو ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی دەکات، بە مەرجێک لە بەرژەوەندیی گشتی بێت و ببێتە هۆکارێک بۆ گەشەی ئابووری و زیادکردنی هەلی کار و سەرمایەی بیانی لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها پێویستە کاتی پێویست بۆ مامەڵەی دامەزراندنی کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان 72 کاتژمێر تێنەپەڕێنێت.

■ زیادکردنی پڕۆژە گەشتیارییەکان و بووژاندنەوەی کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان و ئاوەدانی زیاتر بۆ شار و قەزا و گوندەکان، پلان و بەرنامەی نەوەی نوێ ئەوەیە کە لە ماوەی چوار ساڵدا ژمارەی سەردانکردنی گەشتیارانی هەرێم بۆ سێ هێندە بەرزببێتەوە.

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

- نوێکردنـەوەی سـەرجەم تـۆڕی ڕێـگاوبانەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و دروسـتکردنی ڕێـگای خێـرا (هـای وەی) بـۆ بەسـتنەوەی پارێزگاکانـی هەرێـم پێکـەوە، کـە دەبێتـە کلیلـی سەرکەوتن و پاڵنەری گەشەسەندنی ئابووری، بە تایبەتی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گەشتیاری.

---

- دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازیی گەورە و فراوان لە هەرێمی کوردسـتان، لەڕێگـەی ئاسـانکاری بـۆ سـەرجەم خاوەنـکار و هـەر کەسێک بیەوێت کارگەیەک دابمەزرێنێت. هەروەها دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و ڕێگای گواستنەوە و پێداویستییە لۆجستییەکان بۆ سەرجەم ئەو ناوچە پیشەسازییانە.

---

- کردنـەوە و دامەزراندنـی ئەکادیمیای تایبەتـی هونـەری بـۆ پێگەیانـدن و گەشـەپێدانی توانـا هونەرییەکانـی گەنجان، لـە بوارەکانـی نوانـدن و میوزیـک و فیلمسـازی و وێنەکێشـان و گرافیک دیزاین.

# نەوەی نوێ

# ١٥٧

## کارنامەی چوار ساڵی نەوەی نوێ

## بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

٢٠٢٤/١٠/٢٠